یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

بابەت/ حوکمی دڵنیایی -تأمين- و کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە ئیسلامدا

ژمارەی فەتوا/ ١٢ / ٢٠١٩ بەورار ٩ صفری- ١٤٤١هـ = ٨/١٠/ ٢٠١٩م = ٢٧١٩/٧/٢٩ك

جۆر: فیقهی سەردەم .

فەتوادەر: ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

## (حوکمی دڵنیایی -تـأمین- و کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە ئیسلامدا )

**قال الله تعالى: {فاسألوا أهلَ الذِّكرِ إن كُنتمْ لا تعلمُونَ} (سورة النحل: ٤٣)**

**الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين، وبعد:**

**پێشەکی:**

- وەك هەر بابەتێکی تری سەردەم، دڵنیایی -تأمین- جێگای مشتومر و قسە لە سەرکردن بووە لە نێوان زانایان و پسپۆرانی بواری فیقهی ئیسلامی.
- دڵنیایی -تأمین- لەو مامەڵانەیە، کە لە سەدەی چواردەی زایینیدا سەریهەڵدا.
- روونە ئەم جۆرە مامەڵانە لە کۆندا نەبووە، هەربۆیە ئەو کات زانایان لەناو کتێبەکانی فیقهی ئیسلامیدا باسیان لێ نەکردووە و ئاماژەیان پێنەداوە بە شێوەیەکی بەربلاو، جگە لە زانای گەورەی مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە (ابن عابدین)، کە لەساڵی ١٢٥٢ك وەفاتی کردووە.
- سەرەتای کارپێکردن و پەیدابوونی لە وڵاتی ئیتاڵیاوە دەستپێکردو سەریهەڵداوە بەناوی (تەئمینی دەریایی، یان سوکرە).
- **جۆرەکانی تەئمین:**
- **تەئمین دوو جۆری هەیە:**

**١- دڵنیایی هاریکاری، یان هەرەوەزی (التأمين التعاوني).**

**٢- دڵنیایی بازرگانی، یان بە قیستی جێگیر (التأمين التجاري، أو التأمين بقسط ثابت).**

**بەشی یەکەم: تەئمینی هاریکاری (التعاوني):** بریتیە لەوەی کە چەند کەسانێك رێك بکەون، هەریەکەیان بەشداری بکات بە دانی برە پارەیەك، بە خۆرایی و بێ زۆرلێکردن، بۆ بژاردنی ئەو زەرەرو زیانەی کە لە یەکێکیان دەکەوێ، بە مەرجێك زەرەرەکە بێتەجێ و دیاریکراوبێت.

واتە: کۆمەڵێك خەڵك رێککەوتوون و هاوبەشیان کردووە لەسەر قبوڵکردنی پێشهاتی هەر رووداوێکی کارەستبار و زیانبەخش، بە رێگای پابەندیان بە بەخشینی برە پارەیەك بەو کەسەی، کە زەرەر و زیان رووی

یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
ئەنجومەنی باڵای فەتوا
المجلس الأعلى للإفتاء

تێدەكات، بە پێی ڕێساو یاسایەكی تایبەت و دیاریكراو، ئەم كارەش پێی دەگوترێت: هاریكاریكردن، یان (دڵنیایی هاریكاری)، ئەمەش لە رووی كرداریەوە كەم روودەدات، وەك ئەوەی كە ئێستا هەندێك لە عەشیرەت و هۆزەكان پێی هەڵدەستن.

- حوكمی ئەم جۆرەی دڵنیایی -تأمين-:

ئەم جۆرە لە دڵنیایی هاریكاریە، درووست و ڕەوایە و ڕێگەپێدراوە لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامی، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١. ئەم مامەڵەیە بنەمایەكی جێگیری هەیە لە ئیسلامدا و لە قورئان و فەرموودەدا ئاماژەی پێدراوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾{سورة المائدة/٢}.

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (مَثلُ المُؤمنينَ فِي توَادِّهِمْ، وَترَاحُمِهِمْ، وَتعَاطُفِهِمْ مَثلُ الْجَسَدِ إِذَا اشتكَى مِنهُ عُضوٌ تدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى). أخرجه البخاري في صحيحه برقم: ٦٠١١ ومسلم برقم: ٢٥٨٦.

٢. ئەم جۆرە لە دڵنیایی دەچێتە ژێر بابەتی مامەڵە و گرێبەستەكانی بەخشین و یارمەتی و هاریكاری، جۆرێكە لە هاوكاریكردنی موسڵمانان لە ناو خۆیاندا، بە دابەشكردنی ئەو زەرەر و زیان و ئازارانەی كە روویان تێدەكات، و مەبەست تێیدا قازانج و بازرگانی نییە، بەڵكو مەبەست هاریكاری و یارمەتیدانی یەكترە، هەروەها بەمەبەستی وەرگرتنەوەی سەرمایەكەش نییە.

١- ئەسڵ و بنەما لە هەموو مامەڵەیەكدا ڕێگەپێدان و درووستیە – الأصل في المعاملات الإباحة- مادام پێچەوانەی دەقێك لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەبێت.

٢- دڵنیایی هاریكاری چاوەڕوانی قازانجی لێناكرێت بۆ خاوەنەكانیان، دووریشە لە سوو - الربا- بە هەردوو جۆرەكانیەوە.

٣- شێوەی ئەم جۆرە مامەڵەیە، كە لە ئێستادا پێیدەگوترێ: دڵنیایی هاریكاری، لە سەردەمی پێغەمبەریشدا -صلى الله عليه وسلم- هاوشێوەی روویداوە.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی چاكەی ئەشعەریەكان دەكات، بەهۆی ئەو هاریكاری و كاری هەرەوەزیەی لە نێوانیاندا بەرجەستە بوو بوو، دەفەرموێ: (إِنَّ الأشْعَرِيِّينَ إِذَا أرْمَلُوا فِي الغَزْوِ، أوْ قَلَّ طعَامُ عِيَالِهِمْ بِالْمَدِينَةِ جَمَعُوا مَا كَانَ عِندَهُمْ فِي ثوْبٍ وَاحِدٍ، ثمَّ اقتسَمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ بِالسَّوِيَّةِ، فهُمْ مِنِّي وَأنَا مِنهُمْ) رواه البخاري برقم: ٢٤٨٦ ، ومسلم برقم: ٢٥٠٠ .

**بەشی دووەم: تەئمین بە قیستی جێگیر، بازرگانی**: بریتیە لەوەی كە كەسی بەشداربوو یان دڵنیاكراو بڕە پارەیەكی بەردەوام دەدا بە كۆمپانیای دڵنیابوون، وەك بەشدارێك لە جیاتی ئەوەی كە ئەگەر كارەساتێكی بەسەردا هات لە داهاتوودا یارمەتی بدرێت، بەڵام ئەگەر هیچی بەسەرنەهات ئەو پارەیەی داویەتی دەڕوات و هیچی وەرناگرێتەوە.

- تەئمینی بازرگانی، یان بە قیستی جێگیر لە زۆرێك لە وڵاتان بە شێوەیەكی بەربڵاو كاری پێدەكرێ.
- ئەم جۆرە لە تەئمینی بازرگانی بە كورتی و بە پوختی، دوو جۆری هەیە:



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

ئەنجومەنی باڵای فەتوا
المجلس الأعلى للإفتاء

ا- **تەئمین لە بەرامبەر زەرەرەکان:** کە بۆ تەئمین بۆکراو لە بەرامبەر بەرپرسیاریەتی هەرکارێك کە لەدەستی ڕووبدات، وەك: ڕووداوی هاتووچۆ، یان کارکردن، هەروەها تەئمینی سەر ئەو کەلوپەل وشتومەکانەی کە قەرەبوو دەکرێنەوە لە بەرامبەر لە ناوچوونیان، بەهۆی دزین، یان سووتان، یان ڕووداوە سرووشتیەکان، وەك: لافاو و ئافاتی کشتوکاڵی.

ب- **تەئمین لە سەر ژیان (التأمين على الحياة)** ئەوەش لەسەر خودی کەسە تەئمین بۆ کراوەکەیە بە مردن، یان کەموکوری جەستەیی، یان نەخۆشی کەپێی دەڵێن (التأمين الصحي).

- **حوکمی ئەم جۆرە لە تەئمین (التأمين التجاري) لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامی:**

- تەئمینی بازرگانی، یان بە قیستی جێگیر، حەرام و قەدەغەیە لای زۆرینەی زانایانی فیقهی ئیسلامی سەردەم، لە بەر ئەم بەڵگە و هۆکارانە:

١- **بوونی سوو -الربا-** زۆربەی ئەو قەرەبووەی کە دەدرێتە کەسی تەئمین بۆ کراو بە زۆری زیاترە لەو قیستانەی کە داویەتی، ئەمەش ئاشکرایە کە سووی زێدەییە - ربا الفضل -.

دیسان تەئمین بۆکراو گەر قیستەکەی دواخست لەکاتی خۆی کۆمپانیا زیادە و فائیدەی دەخاتە سەر.

ئەوەش پاش ماوەیەك پارەکە دەداتەوە، کاتێ زەرەری لێکەوت دەست بەدەست نیە و پاش ماوەیەك دەیداتەوە، بۆیە دەبێتە سووی قەرز — ربا النسا- ، تەنانەت ئەگەر ڕێژەی پارەی هەردولاش وەك یەك بن.

٢- **فریودان -الغرر-** ئەم تەئمینە کارێکی بزر و نادیار و ناڕوون و ناجێگیرە و خەڵەتاندنی تێدایە، ئەگونجێ بەدرێژایی بەشداربوون، ڕووداو و کارەساتێکی دڵتەزێن و زەرەردار ڕوونەدات و هیچ زیانێکی بەرنەکەوێت، دواییش ئەم هەموو پارەو قیستەی داویەتی، دەبێتە موڵکی کۆمپانیا.

پێغەمبەریش —صلى الله عليه وسلم- ڕێگری کردووە لە مامەڵەیەك کە فێڵ و فریودان و گزی و غەرەری تێدابێت، یان لەوانەیە کۆمپانیا بڕە پارەیەکی زۆر بدات بەرامبەر بە شتێکی کەم، یان کەسی تەئمین بۆکراو؛ چەند قیستێکی کەم بدات و پارەیەکی زۆر وەربگرێ، جاری واش هەیە هەر هیچ وەرنەگرێت.

٣- **بوونی فێڵ و تێکەوتن -الغبن-:** چونکە تەئمینەکە لەسەر کارێکی نادیار دەکرێت، ئەمەش درووست نییە؛ بۆ درووستبوونی هەر گرێبەستێك پێویستە بزانرێ کە لە سەرچی ڕێکەوتن دەکرێ (محل العقد).

٤- بوونی قومار: تەئمینی تیجاری کارێکی ترسناکە، چونکە خودی کەسەکە و سامانەکەشی دەکەونە بارودۆخێکی نادیار؛ قستێکی کەم دەدات و چاوەروانی قەرەبوێکی زۆردەکات، بە ڕووداوێك کە لەوانە یە هەر روونەدات، چونکە قومار دوور روکنی سەرەکی تێدایە: ترسناکی و یاریکردن بە بەخت، کە هەر دووکیان لە مامەڵەی دڵنیای بازرگانی بونیان هەیە.

خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا قومار و هاوشێوەکانی حەرامکردووە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾، {سورة المائدة/٩٠}.

٥- بوونی نەزانین و ناڕوونی —الجهالة- : ئەو بڕە قیست و پارەیەی کە تەئمین بۆکراو دەیدات؛ ئەندازەکەی نادیارە بەرامبەر هەردوو گرێبەستەکان.

وە هەروەها مامەڵەش لە سەر گرێبەستێك ئەنجام دەدرێت کە ئەنجام و قەبارەکەی نادیار و نەزانراوە.



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

- شایەنی باسە بۆ ئەم بابەتە کۆنگرەی دووهەمی زانایانی موسڵمان کە لە قاهیرە لەساڵی ١٩٦٠ز بەسترا، و هەروەها کۆنگرەی ئیسلامی حەوتیش، کە تەئمینی هەرەوەزی و کۆمەڵایەتیان بە دروست زانی و رێگەیان پێدا، بەڵام تەئمینی بازرگانیان بە حەرام و نادرووست دانا و رێگەیان پێنەدا، کە ئەمەش رای زۆرینەی زانایانی سەردەمە.
- هەروەها کۆنگرەی جیهانی یەکەم تایبەت بە ئابووری ئیسلامیش، کە لەشاری مەککەی پیرۆز بەرێوەچوو، لە ساڵی ١٩٧٦ز، لە بریارەکانیدا تەئمینی بازرگانیان قەدەغە و حەرامکرد لەبەر دوو هۆ: (الغرر و الربا).
- هەروەها گەورە زانای فیقهی حەنەفیەکانیش (ئیبن عابدین) تەئمینی بازرگانی حەرامکردووە، کە ئەو کات پێیانگوتووە (سوکرە) یان تەئمینی دەریایی حەرامکردووە و لەم بارەوە فەرموویەتی: (لایحل للتاجر أخذ بدل الهالك من ماله، لأن هذا إلتزامُ مالا يلزم) حاشية ابن عابدين: ٤/١٧٠
٦- سەردەکێشێ بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە بەتاڵ و لە خۆرایی و بێ بەرامبەر، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ {سورة البقرة/١٨٨}.

لەکۆی ئەم ڕاو سەرنج و بەڵگانەی سەرەوە، ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە بەرواری ٩/صفری / ١٤٤١هـ = ٨/١٠/ ٢٠١٩م = ٢٧١٩/٧/٢٩ك پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم بابەتە ئەم فەتوایەی خوارەوەی دا:

**١- تەئمینی هەرەوەزی و کۆمەڵایەتی –التأمين التعاوني- ڕێگەپێدراوەو گرفتێکی شەرعی تێدا نیە، بەڵکو کارێکی جوان و باش و کۆمەك و هاوکارییە.**

**٢- ئەو جۆرە تەئمینەی کە بە زۆر دەسەپێنرێ و ئیلزامیە لە لایەن هەندێ حکومەت و وەزارەت و دەزگای میریەوە، لە بەر ناچاری درووستە و ڕێگەپێدراوە بۆ کەسانێك کە هیچ چارەیەکیان نەبێت وبە هیچ جۆرێك نەتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن بەو مەرجەی:**

**أ. پێویستە بە ئەندازەی ئەوەندەی کە داویەتی وەریبگرێتەوە کاتێك زەرەری کرد یان زیانی گیانی بەرکەوت.**

**ب. وە ئەگەر زێدەیەکیشی هەبوو پێویستە بیبەخشێت بە پرۆژەیەکی خەیری گشتی( مشروع عام).**

**٣. تەئمینی بازرگانی، لەبەر بەڵگەکانی سەرەوە کە ئاماژەیان پێدرا، نا درووستە و حەرامە و ڕێگەپێدراو نیە و داواکارین موسڵمانانی خۆشەویست خۆیان لێی بە دوور بگرن.**

(والله تعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

هەولێر/ سێشەممە ٩/صفری / ١٤٤١هـ = ٨/١٠/ ٢٠١٩م = ٢٧١٩/٧/٢٩ك



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - أربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org